سەید حەکیم: پاڵپشتی فەرمانبەران و جوتیاران و بەڵێندەران پێویستە بۆ بەردەوامبوونی چەرخی ئابووری

لە دەستپێکی سەردانەکەی بۆ پارێزگای بابل، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزی نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزی ئەلجەنابی لەوێ لە میوانخانەی شیخ کامل تەها ئەلجەنابی باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان خانەوادەی حەکیم و سەرکردەی هۆزەکان کرد لەگەڵ ئەو وەستگە مێژوویانەی بە عێراق تێپەڕ بوو لەگەڵ هەڵوەستی سەرکردە نیشتمانییەکان بۆ بالادەستکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی بەسەر بەرژەوەندی کەسی.

بەڕێزیان ڕوونی کردەوە کە عێراق ڕووبەڕووی ڕکابەریی بەرچاو بووەوە و بەسەریدا زاڵ بووە، کە ئێستا شتێکی ڕابردووە، هەروەها ئاماژەی بە نزیکبوونی کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و ڕزگاربوونی وڵات لە تیرۆر و توانای بەڕێوەبردنی ئاسایشی خۆی کرد و بەڕێزیان باسی ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەتی بە بەڕێگەی بوژانەوەی سیاسی زانی و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم کۆبوونەوانە بوونەتە ڕۆتینی و باو، لە کاتێکدا پێشتر تەنها بانگهێشتکردنی کۆبوونەوەیەک بە دەستکەوتێکی گەورە دادەنرا کە لە بازنەی عێراقی و نێودەوڵەتیدا باسدەکرا..

بەڕێز سەید حەکیم ئاماژەی بە کێشە ئابوورییەکان کرد کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی ناوچەکە و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت دروست بووە، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی پشتگیریکردنی کارمەندان و جووتیاران و بەڵێندەران کردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە ئەم ئەولەویەتانە زۆر گرنگن بۆ بەردەوامبوونی بزوێنەری ئابووری و دابینکردنی هەلی کار و پێشخستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، پێشبینیشی کرد کە قەیرانی ناوچەکە بەم زووانە کۆتایی پێبێت بەهۆی ئەو فشارانەی کە لەسەر ئابووری جیهانی دروستی کردووە، ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕکابەری ئابووری بەشداربووە لە دەستنیشانکردنی پسپۆڕێکی ئابووری بۆ سەرکردایەتیکردنی وڵات.

سەماحەتی حەکیم جەختی لە پێویستی بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز و بەرهەمدار کردەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پارێزگای بابل ناوەندی هەموو ئەم دەستپێشخەرییانەیە، سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی فیکری عێراقی بە گرنگترین سەروەت و سامانی وڵات زانی و لە کۆتاییشدا سەید حەکیم دازای گەڕانەوەی ئاوارەکانی بۆ ناوچەکانی خۆیان کرد لەگەڵ سفرکردنەوەی کێشەکان بۆ ئەوەی سەقامگیری پتە

بب□ت و □□□□وی گ□ش□پیدانی ولاتیش باشتر بچ□سپ□ت.